# وەرزی عەشق

شیعری
حەمەشوان شەریف
2007

دەدەرکەوە ئەوینی  من  چاوم پڕبووە لەگریان
شەوێک نەما ژوورەکەشم  پڕنەبێ لە بۆنی باران

وەک و مردوو خۆم ئەبینم کە دەنگی تۆ  نەیەتەلام
لێم زیزمەبە هەناسەکەم ئەی ڕێبواری  سێبەرەکەم

وا تێمەگە من بەفرێکم   تەنیا وەرزی  زستانێکم
من لە پایز  خەمگینترم   بۆ بینینت تینوو ترم

ڕەنگە هێشا نەتناسیبم  ڕەنگم وەکو ڕەنگی بایە
شوێن پێت نەما نەگەڕابم هەگبەی عەشقت لە کۆڵمایە

فێرتکردم  لە گەڵ  خەما   بەهێمنی بتوێمەوە
ئەوخونچانەی تۆ بۆت هێنام هێشتا گوڵن و بۆنیان ماوە

دەدەرکەوە گوڵی شیعرم  وەرزەکانم ئاشتکەرەوە
با سێبەری  دوودرەختبین   بۆ ناو گۆمێک شۆڕبینەوە .